Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10239

# ئاستی هزری خورافی نیشتوو لای پەروەردەکارانی قۆناغی بنەڕەتی لە شاری سلێمانی

**بختيار إبراهيم فتاح، أحمد علي حەمە**

بەشی زانستی میدیا، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ناونیشانی توێژینەوە ( ئاستی هزری خورافی نیشتوو لای پەروەردەکارانی قۆناغی بنەڕەتی لە شاری سلێمانی)، توێژەر لە ژێر رۆشنایی هزری خورافیدا مەبەستییەتی کە شیکاریەکی کۆمەڵناسیانە بۆ پەروەردەکارانی کورد بکات. خورافە وەکوو زاراوەیەکی زانستی و پسپۆڕی ناعەقڵانی، وەك چیرۆکێکی ئایینی پیرۆز نەمایش دەکرێت، بە زمانێکی هێمایی میللی گوزارشت لە رووداوێکی پەیوەست بە رابردوو دەکات. بە شێوەی زارەکی و دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بە زیادەڕۆیی دەگوێزرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی هەوڵدانێکی پەسنی شیکاری زانستی مەیدانییە، بە ئامانجی دیاریکردنی بون و بر و شێوە و ئاستی هزری خورافە لە لای پەروەردەکارانی قۆناغی بنەڕەتی.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا کە تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوە، ئەم بەشە لەم تەوەرانە پێك هاتووە. لە تەوەری یەکەمدا کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجەکانی توێژینەوە، بوارەکانی توێژینەوە، پێناسەی چەمك و زاراوەکان، لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو. لە تەوەری دووەمدا کە چۆن خورافە دروست دەبێت، خورافە لە کۆمەڵگای مۆدێرنەدا، جیاوازی نێوان ئەفسانە و خورافە خراوەتەروو.

لە تەوەری سێیەمدا، جیاوازی نێوان هزری زانستی و هزری خورافی، پەروەردەکاران و خورافە خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم، کە پێکهاتووە لە رێکاریيە مەیدانیەکان، ئەم تەوەرانە لە خۆدەگرێت، میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە، نموونەی توێژینەوە کە پێکهاتووە لە (٢٥٠) پەروەردەکار لە (٥٠) فێرگە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، راستگۆیی و جێگیری، ئامرازی ئاماری توێژینەوە، لە ژێر رۆشنایی توێژینەوەکە دەرئەنجام و راسپاردەکان خراونەتەروو. لە کۆتاییشدا هەریەك لە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ وکورتەیەك لە توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەروو.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

Residency, Sociology, Superstition, educators

***Corresponding Author***

**bakhtyar.fatah@univsul.edu.iq**

**ahmed.ali@univsul.edu.iq**

## 1- پێشەکی

مرۆڤ لەو رۆژەی ئەفرێنراوە عەودالّی بە دواگەڕانوو پشکنین بووە لە سروشتدا، بە تایبەتیش کاتێك کە دەستە پاچەیە لە پرسیارە بێ وەڵامەکان. ئامانجیش گەیشتنە بە نهێنییەکانی گەردوون. ئەمیش لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆی و دەورووبەرەکەی. بۆیە پەنای بردووە بۆ دورخستنەوە و ڕوانەوەی نەزانین و ترسە نادیارەکەی، کە وەك مۆتەکە ژیانی لێ تاڵ کردووە، هەستاوە بە نواندنی چەند ڕەفتارێك بۆ ئاسودەبوونی دەروون و بیروبۆچوونە شێواوەکانی. لە ئەنجامدا جۆرێك لە ڕەزامەندی و بڕوابوونی لا دروست دەبێت وە ئەبێت بە فاکت.

خورافە بنەما و ڕەگئاژوی قوڵی لە مێژووکولتور دا هەیە، توندوتۆڵ بە ناخی بوون و ژیاندا ڕۆچووە، نەوە بە دوای نەوەدا ئاڵوگۆر و دەستا و دەستی پێدەکرێت.

خورافە شوێنێکی پیرۆز و دیار و بەرچاوی هەیە لە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا، بە بڕ و شێوە و فەنتازیای جیاواز، رۆڵ و کاریگەری و جێکەوتی بەجێ دەهێڵێت، ئەویش بە پێی مێژوو ژینگەی سروشتی.

خورافە حیکایەتێکی میللی و زادەی بیرکردنەوەی گەلێك دێرینی ژیانی ئادەمیزادن، دەکرێت خورافە کەسێتی یا ئایینی یا کۆمەڵایەتی یا رۆشنبیری بێت. مرۆڤ بەرایی هەر ئەوەندەی زانیووە کە هەموو دیاردەیەکی سروشتی بە پێی هزرو لێکدانەوەی خۆی راڤە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە.

مادام خورافە شان بە شانی مرۆڤایەتی ئاوێتەیەکی گرفتاوی و پیرۆز و بەربڵاوە لەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی رۆشەنبیریان لە ئاستێکی نزم و تەڵزگەی شێواو شلۆقدایە، بۆیە بە کاوەخۆ و باشتر و زیاتر بڵاودەبێتەوە و دەماودەم دەکات، ئەویش لە رێگەی چەند سروتێکی دیاریکراو کە ئەچێتە بابی سیحر و جادوو یا فاڵگرتنەوە، نموونەش وەك (لە پرسیارەکانی ناو پرسنامەکەدا هاتووە).هەرچەندە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بگاتە لوتکەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و عەقلانیەت، بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەریی و هەژمونی روحی و یوتوبیایی سروشتی پێوە بە دیار دەکەوێت.

هەندێك لەو کەسانەی کە بە تەواوی بروایان بە خورافە هەیە، خەسڵەتی ئادەمی بونیان وایە کە پۆزش و پاساو بهێننەوە بۆ بیروباوەڕە نالۆجیکی و ئەفسوناویەکانیان. بەوە فێڵ لە خۆیان و بەرامبەرەکەیان دەکەن، تا شەرمەزارییەکانیان پێ پینە بکەن.

## 1-1 کێشەی توێژینەوە:

یەکێك لەو گرفتە رەهەندانەی بە بەردەوامی و لە دێر زەمانەوە بە فۆرمی جیاواز، رووبەرووی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵە دەبێتەوە بە گشتی و پەروەردەکاران بە تایبەتی، بە رێژە و ئاستی جیاواز، رەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەست و ناخ و دەروونی هەر تاکێکی پەروەردەیی، ئەگەر بێت و بە ئاشکراش دەرنەکەوێت لە وتەو و کردار و هەڵسووکەوتیاندا.

خورافە وەك کولتورێکی بە جێماو ریشە و بنەچەیەکی میتۆلۆژی ئایینی و مێژوویەکی هەزارەها ساڵی هەیە، ئەستەمە هەروا بە ئاسانی بنەبڕ بکرێت لە نێو پەروەردەکاراندا، چونکە ئەم هزرە خورافیە رەنگدانەوە و کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر فێرخوازان و نەوەکانی داهاتوو، دواجاریش دەبێت بە راستییەك لەلایان و پیادەی دەکەن لە ژیاندا. بێگومان ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیەش کۆمەڵگایەکی خۆش باوەڕو یوتوبیا دووره لە هەموو پرنسیپە زانستیەکان، و بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، کە بنەماکانی لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ دامەزراوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە مەبەستێتی هزری خورافی لەلای پەروەردەکاران بخاتە روو وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە تاچەندە هزری خورافی بەربڵاوە لەناو توێژی پەروەردەکاران دا.

## 2-1 گرنگییەکانی توێژینەوە:

١- خورافە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی- مێژوویی فرە رەهەندی رێژەیی هەیە لەسەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگادا، ناکرێت بە سووك و ئاسان تەماشا بکرێت، چونکە یەکێکە لە بابەتە هەستیارەکان، کە کەمترین لە رۆشنبیران پرکێشی. ئەوە بکەن خۆیان لە قەرەی بدە

٢- گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە ئاستی بیری خورافەی نیشتوو لە لای پەروەردەکاران لە چ ئاستێکدایە؟ وە تا چ رێژە و برێك بەربڵاوە.

٣- ئەم توێژینەوەیە لە بابەتێك دەدوێت، تا ئێستاش هەندێك لە پەروەردەکاران بە تابوو و قەدەغەی دەزانن بۆ قسە لەسەر کردنی.

٤- وەك ئەوەی توێژەر هەستی پێدەکات، هەتا ئێستاش هیچ بابەتێك چ وەك توێژینەوە یان سەرچاوەیەك بە زمانی کوردی لای لێنەکراوەتەوە.

٥- پێدانی بەرچاو رونیەك بە پەروەردەکاران لە مانا و شێوە و ناوەرۆکی بیری خورافی و شارەزابوون بە داهاتووی فێرخوازان.

## 3-1 ئامانجەکانی توێژینەوە:

١- پێوانەکردنی ئاستی بەربڵاوی بیری خورافەی نیشتوو و رەهەندەکانی لەسەر پەروەردەکاران.

٢- جیاوازی نێوان هەست کردن بە خورافە لای پەروەردەکاران.

## 4-1 بوارەکانی توێژینەوە:

١- بواری مرۆیی: مامۆستایانی قۆناغی بنەرەتی

٢- بواری شوێن: سەنتەری شاری سلێمانی

٣- بواری کات: ٢٠٢١/٣/١ تا ٢٠٢١/٧/١

4- سنوری بابەت: بیرکردنەوەی خورافی .

## 5-1 پێناسەی چەمك و زاراوەکان

پێناسەی خورافە:

بابەتێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی وەها کە لەگەڵ مرۆڤایەتییدا بوونی هەبێت، بۆیە تا ئێستاش مشتومڕێکی بێ کۆتایی لەسەرە. ئەویش بەوە دەست پێدەکات کە ئایا ئەفسانە پێش رەفتارە پیرۆزەکانە یان رەفتار پێش ئەفسانەیە لە راستیدا مرۆڤ پاش ملکەچبوونی بۆ بیرو بۆچوونێك، ئەوسا هانا بۆ نواندنی رەفتاری پیرۆز دەبات. واتە هەبوونی دیاردە و لایەنە پیرۆزەکە، کە بەلامانەوە دەکەوێتە پێش رەفتارە پیرۆزەکە و، لەم حاڵەتەدا شتێکی لۆجیکییە ئەگەر بڵێین ئەفسانەکان پێش رەفتارە پیرۆزەکان کەوتوە و سەری هەڵداوە ( گەرمیانی،٢٠٠١،ل٢-٣)

فەرهەنگی (قاموس الخرافیات و الأساطیر)، باسی خورافە دەکات و دەڵێت:

١- خورافە (شعبیا): گێڕانەوەی ئەفسوناوی میللی و خۆرسکی ماناداری سیمبولییە.

٢- (أدبيا): چیرۆكێكی كورتە بە شێوەی پەخشان، یا هۆنراوە، ڕووداوەكـــــان و كەســـــــایەتییەكان ئەفســـــــــــوناوین (بادنجكي،١٩٩٦،ل٩-١٠).

پێناسەی خورافە:**Superstition**

خورافە حیكایەتێكی پاڵەوانسازییە و پڕە لە زیادەڕۆیی و كرداری بانسروشـتی، بەڵام پاڵەوانەكـانی بـریتین لە بەشـــەر یـــان جنۆكە،خواوەند هیچ ڕۆڵێكی تیادا نییە (السواح،٢٠٢١،ل٢٦).

پێناسەی پاڵس:

بـریتییە لە مومارەسـەكردنی چەنـد سروتـێكی بـاوەڕدارانە كە بە شـێوەیەكی گشـتی لە لـوجیكەوە دوورن، بـریتیین لە ئەنجـامی نەزانینی یان ترسان لە نادیاریی، ئاماژە دەكەن بۆ باوەڕبوون بە چەنـد هێزێكی نەبینراو و نەزانراو، كە دەتوانرێت لە ڕێی چەنـد سروتێكی دیاریكراوەوە كاریان تێبكرێت (پاڵس،٢٠٠١،ل٤٢).

پێناسەی لوسی میر:

گوزارشـــتە لە چیرۆكێـــك كە پاڵەوانەكـــانی زۆربەی كـــات بـونەوەرێكی سـەرو سروشـتین یـان مـرۆڤن، بـابەتی چـیرۆكەكە هەندێك ڕووداوی ڕابردووە مەبەست لێی گێڕانەوەی ئەزمونی كەســەكان یــان گـێڕانەوەی هەنــدێك ڕوداوی نــاو فۆلكلـۆری میللـیە بـۆیە هەر لەنێـو خەڵكـدا دەستاودەســت دەكـات (میر،١٩٨٣،ل٣٩١).

پێناسەی ئەنجلش:

باوەڕێكی نـیمچە ئـایینی یـا چـالاكی یـا هەڵسـوكەوتێكی نـیمچە ئاینییە، بە گشـتی یـا درێژكراوەی باوەڕی ئـایینی پێشـوەختە، یـا گەندەڵی هاوشێوەیەیی ئەم باوەڕەیە (عیسوی،١٩٨٣،ل١٢).

پێناسەی تیۆری:

بیروبـاوەڕێكی ڕێكخـراوە لەسـەر بنەمـای خەیـاڵ و ئەفسـون بونیـادنراوە، لە داكەوتـدا بـوونی نیـیە، كـات و دانەرەكەشی نادیارە و، جـێگەی بـاوەڕ نییە. زۆربەی جـار لەسـەر زمـانی مرۆڤەكـان یـان ئـاژەڵان دارێـژراوە و پەنـد و دانـای تیـادا بەرجەستەیە

پێناسەی نیشتووەكان: الرواسب – **Residues**

بریتییە لە هەستە مرۆییەكان و حاڵەتە عەقڵییە نەستییەكان، كە دەكرێـت لە كـۆمەڵگەی مرۆییـدا بەدی بكرێـت، جـا جـۆرەكەی هەرچـیەك بێـت، زۆرجـار نیشـتوەكان داپـۆشراو نەزانـــراون لە چەنـــد شـــێوە و دارشـــتەیەكی جیـــاوازدا. (ئەلحەسەن،٢٠١٨،ل٣٨٢).

پێناسەی باریتۆ:

نیشـتووەكان بەو شـتە نەگـۆڕاوانەی دانـاوە كە لە ڕەفتـاری مرۆییـــدا هەن، كۆمەڵگـــا و كـــۆمەڵی كەســـانی لە یەكـــتری جیاكردۆتەوە، بۆیە نیشتووەكان تایبەتمەندییەكن كە كۆمەڵگا یـــان سیســـتەم یـــان تـــاكەكەس لە یەك جیـــا دەكـــاتەوە ( ئەلفەوال،٢٠١٧،ل١٠٩).

پێناسەی باریتۆ:

بـاریتۆ پـێی وایە كە كـۆمەڵگە بە چەنـد ڕەگەزێـكی سروشـتی و شارستانی دەرەكی و نێوخۆیی كاریگەر دەبێت، ڕەفتاری تاك یان كـــۆمەڵگەش بە حەقـــیقەتی نیشـــتوو و لێوەرگیراوەكـــان Derivations ڕاڤەی دەكات، نیشتووەكان بنچینەی جووڵە و ڕەفتارن لای تاك یان كۆمەڵگە ( ئەلحەسەن،٢٠١٢،ل٣٦١).

بـاریتۆ نیشـتووەكان وا پێناسـە دەكات كە كـرداری مرۆڤەكـان شـكاوەتەوە بەسـەر سـۆز و هەسـتی تاكـدا كە شـاراوەیە یـان داپـۆشراوە، بە خـۆ نوانـدنی سـەرەكی ڕیشـەی جێگـیر لە هەڵسوكەوتی تاكدا. وە كردوویەتی بە شەش بەشەوە ئەویش ئەمانەن:

١- نیشتووی نوێنەری ڕەمەكی كۆبونەوە.

٢- نیشـــتووی نـــوێنەری پاراســـتنی جـــۆری مرۆڤـــایەتییە بـــۆ بەربەرچدانەوەی نەهێشتنی.

٣- نیشتووی گوزارشـت: مانـای گوزارشت كـردن لە هەسـت و سۆز.

٤- نیشــتووی یەكگرتــوو: مانــای یەكگــرتنی چالاكیەكــانی تــاكی كۆمەڵایەتی یان هەڵستان بە ڕێكخستنی.

٥- نیشتووی بە دیارخستنی كەسێتی و بەرگری لێكردنی لە دوو توێی پابەند بوون بە بەهای كۆمەڵایەتییەكان.

٦- نیشتووی زایندەیی (سێكسی). ( ئەلعومەر،٢٠٠١،ل٢٨٢).

پێناسەی تیۆری:

گوزارشتێكە لە سۆز و هەستە نەگۆڕا و شاراوە و داپۆشراوەی كە لە ناخ و هەست و نەستی مرۆڤەكاندا هەیە، بە شێوەیەكی جێگیر، جیـا دەكـرێتەوە بە پـێی كەس و ژینـگە كـۆمەڵایەتییە جیاوازەكان

## 6-1 توێژینەوەكانی پێشوو:

١- تـوێژینەوەی (جـۆرج زعـرور)،(١٩٧٢)، بـیروت - لبنـان Superstation decreases with increasing the ) (level of education تـوێژینەوەیەكی مەیدانی لەسـەر فێرخـوازانی زانكـۆكان لە لوبنـان، بە نـاوی ( دراسة حقلية على طلاب المدارس الثانوية و الجامعية في لبنان للمعرفة مدى أنتشار المعتقدات الخرافية بينهم و أثرها في سلوكهم). ژمارەی فێرخوازان (٦٠٤) فێرخوازی كچ و كوڕن، ژمارەی پرسیارنامەكە (٥٩) پرسـیار بـووە. لە ئەنجامـدا تـوێژەر گەیشـتۆتە ئەو دەرئەنجـامەی كە خـورافە كـەم دەبێـتەوە بە زیـادبوونی ئاسـتی فێربوون. هەروەهـا كـچە فێرخـوازی زانكـۆ زیاتر هەڵگـری بیری خورافەن لە كوڕەكان. و فێرخوازانی بەشی وێژەیی زیاتر هەڵگـری خـورافەن لە فێرخـوازانی بەشـە زانسـتییەكان. وە پـێی وایە كە خورافات ناچێتە ژێر باری لێكۆڵینەوەی ئەزمونكارییەوە.

٢- تـــوێژینەوەی (نجیـــب اســـكندر و رشـــدی فـــام منصـور)(١٩٦٢)، بە ناونیشـانی (التفكـير الخـرافي)، مصر-

القاهرة. توێژینەوەیەکی ئەزموونگەرییە، توێژەران هەستاون بە دیاریکردنی زۆرترین و کەمترین خورافەی بەربڵاو لە گشت بەشەکانی کۆمەڵگای میسری، لە هەردوو چینی مامناوەند و نزمدا، وە دانیشتوانی شارو لادێ لە هەردوو ڕەگەز. توێژەران هزری خورافیان بەپێی کردەوە و فەرمان دابەش کردووە بەسەر چوار بەشدا، ئەویش ئەمانەن: ڕاڤەکردن،هێنانی قازانج، دوورکەوتنەوە لە مەترسی، هێنانی قازانج و دوورخستنەوە لە مەترسی پێکەوە.

## 2- لایەنی تیۆری

### 2-1 چۆن خورافە دروست دەبێت؟

سروشتی مرۆڤ وا ئەفرێنراوە کە لە پێناوی خۆشبەختی و لەش ساغیدا هەموو ئەگەرەکان تاقی بکاتەوە، ئەویش بە پۆزش و پاساوهێنانەوە بۆ ڕاڤەکردنی بابەتەکان و ڕووداوەکان کە بگونجێت لەگەڵ هەست و نەستیدا، توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، مرۆڤ لە سەرەتادا، هەوڵیداوە لە بوون و گەردوون و بوونی خۆی تێبگات، بۆ ئەمەش پەنای بردۆتە بەر جۆرێك لە بیرکردنەوە کە پاشان ئەم بیرکردنەوە تایبەت، لەلایەن زانا و فەیلەسوف و توێژەرانەوە لەم سەردەمەدا، ناوی ئەفسانە یان خورافەی وەردەگرێت. ئەفسانە و خورافەش هەروەك ئاین، فەلسەفە و زانست میکانیزمێك بووە کە ڕۆڵی گرنگی بۆ مرۆڤایەتی گێڕاوە (قەزاز،٢٠١٠،ل١٨).

لە دنیای مرۆڤی سەرەتاییدا سنورێك لە نێوان مرۆڤ و بەشەکانی دیکەی سروشتدا نییە، لە مێشکی ئەودا هیچ سەروەرییەك بۆ مرۆڤ دیاری نەکراوە و تەنانەت زۆرجار هەست بە کەم بوون بە نیسبەت بوونەوەرانی دیکە دەکات. لە ڕوانگەی مرۆڤی بێ دەسەڵاتی ئەو سەردەمەدا هێزی سروشت ئەوەندە زۆرە کە ماکە سروشتییەکان هەموویان پێگەی خوداییان هەیە ( کە مانگەر،٢٧١٢،ل١٠٢).

مرۆڤ لە ڕێڕەوی گەشەسەندنی خۆیدا، لە ئەنجامی بەرەو ڕوو بونەوەی لەگەڵ سروشتدا، دوای ئەوەی بە سەدان و هەزاران ئەزموندا ڕەت بووە، کۆمەڵێك قەناعەتی لە لا دروست بووە، هەروەها لە سونگەی پەینەبردنییەوە بە نهێنیەکانی گەردوون، پەنای بۆ سیحر و ئەفسانە و خورافە بردووە (حەسەن،١٩٩٧،ل٢١).

مرۆڤ سەرەتا کە باوڕ بە بیروبۆچونێك دەکات، ئەوسا بەهۆی ترسەوە، یان بۆ خۆ نزیکخستنەوە، ئەو ڕەفتارانە دەنوێنێ بۆ ئاسودە بەخشینێك بە دەروون و مێشکە شێواوەکەی (گەرمیانی،٢٠٠١،ل٣).

لە تێگەیشتنی هەڵە، یان درك پێکردنی هەڵەی ئەزمونێکی هەستی، خورافە کاتێك دەردەکەوێت کە مێشك هەست بە ژمارەیەك خەسڵەتی جیاوازەکان کە لە بابەتێکدا یان پاڵنەرێکدا کۆدەبنەوە. دەشێت خورافە و وەهم لەسەر هەموو هەستێکی مرۆیی دەربکەوێت، کە بینین و بیستن و دەست لێدان و بۆنکردن و تام کردنیش دەگرێتەوە (پالس،٢٠٠١،ل٥٨).

مرۆڤی داماڵراو لە پرەنسیبەکانی عەقڵگەرایی، چەندەها ڕێگە و شێوازی جۆر بە جۆر دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شێوەکانی خورافە پیادە بکات، بە ئامانجی گەیشتن بە جۆرێك لە دڵنیای دوور لە دڵەڕاوکێ بخزێنێتە دڵ و دەروونی نا ئارامی، لایەنی کەم هیچ نەبێت هاوسەنگییەك فەراهەم بهێنێت بۆ داهاتووی ژیانی بەختەوەری.

ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بە شێوەیەکی مادییانە بەرزەفتی چارەنووسی بکات، هەوڵ دەدات پەنا بباتە بەر وەهەم و واقیعی پێ ڕەنگین دەکات، بۆ بەرگەگرتنی بارە قورسەکانیشی-ئەوا پەنا دەباتە بەر چارەسەرە خورافی و ئەفسوناویەکان (حیجازی،٢٠١٦،ل٢٣٤).

بەرزەفتکردنی خورافییانەی واقیع و جڵەوکردنی ئەفسووناویی چارەنوس، دوو هۆکارن کە پێش ئەوەی مرۆڤ بە تەواوی دابڕووخێت یان ملکەچ بکات پەنایان بۆ دەبات، ئەو پەنا بردنەش لەوکاتەدا دەبێت کە ناتوانێت بەرپەچی واقیع بداتەوە و ڕووبەڕووی ببێتەوە (حیجازی،٢٠١٦،ل٢٣٥،٢٣٤).

کۆمەڵگا کاتێك پاشەکشە دەکات، کە میتۆس شوێنی لۆگۆس دەگرێتەوە. بە واتایەکی تر لە غیابی عەقڵدا کە خورافات و عاداتی سوننەتی و داکەوتوو بەرەو پێدەدرێت و پشت لە مەنتیق دەکرێت، ئیتر فەزایەکی مەترسیدار بۆ ئەم خورافاتە خۆش دەبێت (بازگر،٢٠١٢،ل١٧٤).

### 2-2 خورافە لە کۆمەڵگای مۆدێرنەدا:

هەرچەندە میللەتان هەنگاوی باشیان بڕییوە لە پێشکەوتنی ژیاری و تەکنولوجیادا، بەڵام هیچ نەتەوەیەك دەستەبەرداری بیروباوەڕی خورافی و لێکدانەوەی چیرۆکی خەیاڵاوی خۆی نەبووە، خورافە نەمایشی-خۆی دەکات لە ناخ و دەروونی مرۆڤدا وەك بەشێکی دانەبڕاو و جیاکەرەوە لە کەلەپووری مرۆڤایەتی.

خورافە ئەوکاریگەرییە گشتگیر و قوڵەیە کە لەسەر قوڵایی هەست و نەست و قەناعەتی کۆی مرۆڤەکان دروستی دەکات، هەرچەندە مرۆڤ بانگەشەی زانستیبوون و ئەقڵانیبوون بکات و لاقی ئەوە لێبدات کە دوورە لە کەوتنە ژێر کاریگەریی بابەتە ڕوحیی و میتافیزیکییەکان، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان لەو کاریگەریی و هەژموونە هەر دەرباز نابێت (میراودەلی،٢٠١٦،ل٢٣٧).

لە ڕاستیدا هزری خورافی چەسپاوە لە قوڵایی ناخی مرۆڤدا، بە شێوەیەك گرانە ڕیشەکێشکردنی لە سەردەمی زانستدا، ئەگەر بێت و کەسەکە لە بەرزترین ئاستی ڕۆشنبیریشدا بێت. بەپێی زانستی شیکاری خورافە بە ڕوح و تارمایی و نادیارییەکانیەوە،

دەرئەکەوێــــــــت وەك دروســــــــــتکراوێکی دەروونی مرۆڤ.(مستەفا،٢٠١٧،ل٣١).

لە کۆمەڵگای ژیاریشدا کە ئاستی رۆشنبیریان بەرزە، هەندێ لە نەخۆشەکان پەنا دەبەن بۆ رەچەتەی جادووگەرانی میللی، بە تایبەتی بۆ نەخۆشییە درێژخایەن و سەختەکان، چونکە مرۆڤ لە کاتی ئەنگێزەدا پەنا دەبات بۆ دەرچەیەك بۆ دەربازبوون، ئەگەرچی خورافەش بێت. (عیسوي،١٩٨٣،ل١٨).

خورافە بەرهەمی ژیارییە، دانەرێژراوە لە بۆشاییدا، بەڵام دارێژراوە لە ناوەرۆکێکی بونیادی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان، کە بگونجێت لەگەڵ ناوەرۆکی شارستانیەتدا. هەندێ لە خورافەی نموونەی ئەبێتە هۆی گێڕانی رۆڵێکی کرداری لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی لە دوو توێی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییدا (سلمان،١٩٨٥،ل٧٧).

پاپەندبوونی زانست بە خورافەوە بە گوژمەیەك نەبووە، بەڵکوو هزری خورافی هاوژینی زانست بووە بۆ ماوەیەکی درێژ، هەتا ئێستاش دەست بەرداری نەبووە. مرۆڤایەتی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر سوڕماوی لە نێوان خورافە و زانستدا ژیاوە، چونکە هێڵی جیاکەرەوە روون نییە لە نێوانیاندا (مستەفا،٢٠١٧،ل٣١).

ئینسان بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، چەند حەزی بە روونی و ئاشکرایی و عەقڵانی بوونی بیرکردنەوە و بەر خورد هەیە بۆ تێگەیشتن لە دونیا و لە خۆی و لە کۆمەڵگا، چەند حەز بە دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی حەقیقەتە، ئاواش پێویستی بە چەندین وێنە و میکانیزمی تایبەتی خۆخەڵەتاندن و فێڵ لە خۆکردن و بەرهەمێنانی وەهم هەیە (قانیع،٢٠١٣،ل٢٧٧).

وەهمی مۆدێرنیتە یەکێکە لە پەردە پۆشکارترین وەهم و گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەوەی بیریار بیرۆکەکان بخولقێنێ..، مەبەست لەم وەهمەش دەستگرتی مۆدێرنیتە بە مۆدێرنیتەوە (حەرب،٢٠١٢،ل١٤٥).

مرۆڤ بوونەوەرێکە شەیدای کەشف کردنی نەزانراوە و بەردەوام بە تاسەوەیە بۆ گەڕان بە دوای نهێنیدا. مەخلوقێکە هەمیشە نارازیی بەوەی خاوەنیەتی و بەو مەعریفەیەی پێیگەیشتووە، تینو بە دوای زیاتر و زیاتردا، وا هەست دەکات ئەوەی قەناعەتی پێ دەهێنێت، لێرە و لە ئێستادا نییە (میراودەلی،٢٠١٦،ل٨).

## 3-2 جیاوازی نێوان ئەفسانە و خورافە:

هەندێك لە رۆشنبیران و نوسەران ( ئەفسانە و خورافە) لێك جیا ناکەنەوە و بەیەکیان دەچوێنن، هەتا لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی و کوردیشدا، ئەم دوو زاراوەیە زۆر بە زەق ماناکانیان تێکەڵ دەبن، هەرچەندە ئەفسانە و خورافە حیکایەتی میللی و خەیاڵین. لێرەدا چەند جیاوازیەك بە دیاردەخەین لە نێوان ئەم دوو چەمککە وەك:

١- ئەفسانە گوزارشتێکی ئەدەبی- هێمایە، سیمایەکی شیعرییانەی هەیە و دەچێتە نێو رەهایی و نالۆجیکییەوە، تەشویق و وروژاندنی تیایە، مەبەستی فیکری و فێرکردن و پەروەردەیی هەیە.

بەڵام لە حیکایەتی خورافیدا خورسکی و زیادەڕۆییەکی بێ ئەندازە لە خەیاڵدا دەکرێت، بە جۆرێك لە باوەڕهێنان دوور دەکەوێتەوە ( ئەسوەد،٢٠١٥،ل٤٥).

٢- ئەفسانە کاتێك رۆڵی خۆی دەگێڕێت کە بۆنەی ئایینی و سروت یا فەرمانی ئاکاری و کۆمەڵایەتی پێویستیان بە پاساو بێت، بەڵگەی سەردەمانی کۆنی رابردوو، راستەقینە، پیرۆزکردن، بخوازن.

سەر گوزشتەی خورافی، کە پەیوەندی کردن بە واقیعێکی نا ئاساییەوە دەیوروژێنێت، بەسەر دیمەنە مێژووییەکانی رابردوودا دەکرێتەوە ( ئارام و ئەوانی تر، ٢٠١٥،ل٣٣).

٣- ئەفسانە چیرۆکێکی تەقلیدییە لە بارەی جیهانێك کە لە واقعدا بوونی نییە، کاتی دیار نییە و نەناسراوە و دانەرەکەشی نادیارە، پاڵەوانەکانی خەیاڵین، پیاو و ئاژەڵ و خواوەند و روح ئافریدە کراوی میتافیزیك (ئیسماعیل،٢٠٠٤،ل١٦٢).

بەڵام خورافە زۆر دوور بووە لە واقیع و جێی باوەڕ نەبووە، لەسەر زمانی ئینسان یان ئاژەڵ پەند و حیکمەتی دەربڕیووە ( ئەسوەد،٢٠١٥،ل٤٥).

٤- ئەفسانە پیرۆزە و وابەستەیە بە سیستمێکی ئایینی و رێباوەڕێکی دیاریکراوە. بەڵام خورافەکان کەسایەتی و رووداوی سەیر و سەمەرە و باسی دێوو جنۆکە و خوداکانیان تێدایە، باسی شتی سەیر و پەرجوویان تێدایە، بەڵام پیرۆز نین. (ئارام حاجی و ئەوانی تر،٢٠١٥،ل١٤٢).

٥- ئەفسانە هەمیشە وەکو چنراوێکی جیاواز دەمێنێتەوە، ئەگەر چی دەشێت خورافە رۆڵێکی کولتوریی وەك ئەو رۆڵەی ئەفسانە ببینن.

بەڵام خورافە حیکایەتێکی پاڵەوانسازییە و پڕە لە زیادەڕۆیی و کرداری بانسروشتی (السواح،٢٠٢١،ل٢٩).

٦- ئەریك فرۆم دەڵێت: ئەفسانە بەرهەمی جیهانێکی نا عاقڵانەیە و زمانەکەشی پڕیەتی لە هێما و هزری دینی و فەلسەفی، تەنانەت هزری ئەخلاقیش لە خۆدەگرێ (فرۆم،١٩٩٢،ل١٧٦).

بەڵام خورافە خۆی لەو بابەتە جەوهەریانەی بوون نادات کە ئەفسانەکان باسی دەکات. (حەمە عەلی-ئەحمەد،٢٠١٨،ل٢٠٨).

## 4-2 جیاوازی نێوان هزری زانستی و هزری خورافی:

هزرو بیرکردنەوەی مرۆڤ گوزەری کردووە بە چەندەها قۆناغی جیاوازدا، بە درێژایی چاخەکانی مێژوودا، زۆر لەو بیرمەندانە

جیـاوازن لە دیـاریکردنی ئەو قۆناغـانەدا، وەك جـۆن دێـوی، ئۆگست کۆنت،ئارثەر بنشلی.... هتد.

هـزری خـورافی جیـاوازە لە هـزری زانسـتی و لـۆجیکی، لەبەر ئەوەی بونیـاد نەنـراوە لەسـەر بنچیـنەیەکی پـتەوی هەسـت کردن. یا لەسەر پەیوەندی هۆو هۆکار.

لـێرەدا چەنـد جیـاوازییەکی نێـوان هـزری زانسـتی و خـورافی دەخەینەڕوو:

١-زانســـت (حەقــیقەت) ڕێــژەییە و خـــورافە ڕەهـــایە (میراودەلی،٢٠١٦،ل٩).

٢- جیـاوازییەکی جەوهەری هەیە لە نێـوان ڕاسـتی زانسـتی و ڕاستی خورافیدا، ڕاستی زانستی ڕێژەییە،و ڕاستی خورافی بەرەو گشتگیری و ڕەهای دەڕوات. (عیسوی،١٩٨٣،ل٢٨).

٣- لە ڕووی ئەرکەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، هەردووکیان هەوڵ دەدات بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکانی دەووروبەری مرۆڤ، بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتن و بەرزە فتکردن.

٤- جیـاوازییەکی گەورە لە نێـوان هەردووکیانـدا هەیە، ئەویـش ئەوەیە بە بەکارهێنانی هێزی باڵایە.

٥- هزری زانستی پاپەندە بە ئەزمونگەریوو عەقڵگەراییەوە.

بەڵام هـزری خـورافی هـێزی نادیـار و بانسروشـتی بـاڵا دەسـتە بەسـەریدا، وەك پەنـا بـردن بـۆ ڕوحی شـەڕەنگێزی و شـەیتان و فالگرەوەکانیان. (عیسوي،١٩٨٣،ل١٤).

بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین جیاوازی لە نێوان هزری زانستی و هزری خورافی بکەین، ئەویش ئەمانەن:

هزری زانستی: **Scientific knowledge**

١- بەرزتـرین پـلەی زانیـارییە، بونیـاد و بەرهەمی هەوڵـدانێکی هـزری تـایبەت بە دیاردەو ڕووداوەکان بەشـێوەیەکی بابەتی بێ لایەن.

٢- هزری زانستی پشت بەستنە بە بنەمای ڕێگای خوێندنەوە (الأستقراء)و ڕێگای هەڵێنجاندن (الأستنباط).

٣- هزری زانستی هەچ پسپۆڕیەك، پێویستە تیۆری و پراگماتیکی بێت لە یەك کاتدا.

٤- ڕاستی و دروستی تیۆری و یاساکانی هزری زانستی دەشێ بۆ زیادکردن و کەڵەکەبوون.

٥- هـزری زانسـتی گـرنگی دەدات بەوەی هەیە، نەك بەوەی کە ئەبێت هەبێت.

٦- هـزری زانسـتی لە توانایـدا هەیە وشـیاری گـۆڕان و ئـاڵوگۆڕ بێت، بە گۆڕانی بارودۆخی بابەتی دیاردەکە، نەك بە شێوەیەکی ڕەهای ڕووت.

هزری خورافی: **Superstition mind**

١- هزری خورافی بونیاد نەنراوە لەسەر زانینی پەیوەندیی نێوان کارلێکی نێو دیاردەکان.

٢- هـزری خـورافی پاپەنـدە بە بیروبۆچـوونی ڕەهـا. دوور لە پەرەنسیپەکانی عەقڵگەرایی.

٣- هزری خورافی گرنگی دەدات بە دەق نوسراو و نەنوسراو کە بۆ نوبەرامی یۆتۆبیای لێدێت.

٤- هزری خورافی شیاوی لێکۆڵینەوە و ڕاڤە و لێکدانەوە نییە لە دەرەوەی مێژوو.

٥- هزری خورافی بڕوای بە پوچگەرایی و بێ مانای و بێهوودەیی هەیە.

٦- هـزری خـورافی جێگـیر و بـزۆز نیـیە، بـڕوای بە ڕووکەشی دیاردەکانە.

## 5-2 پەروەردەکاران و خورافە:

دیـارە پێشـکەوتنی هـزری و تەکنۆلۆجیـا لە ئێسـتادا جیهـانی گرتۆتەوە، هەرچەندە زۆربەی پەروەردەکاران و ( بە پێی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە) لاف و گەزافی ئەوە لێ دەدەن کە گوایە کە تا سەر ئێسك بڕوایان بە سەربەستی هزر و خود هەیە، بەڵام لە ناخ و دەروون و هەڵسوکەوت و دنیا بینیان پاشماوەی نیشتوی خـورافە بە فـۆڕم و نـاوەڕۆك بە دیـار دەکەویـت، بەبێ ئەوەی خۆی بەڵەد بێت پێی. قورسە بتوانین ڕۆشنبیرێك بدۆزینەوە، کە هـیچ ڕواڵەتێـك لە ڕواڵەتەکانی خـورافەی بە تەواوی پێـوە دیار نەبێت (عیسوی،١٩٨٣،ل١٥).

هەنـدێ لە پەروەردەکاران خـورافە بە شـتی پڕوپـوچ دادەنـێن و هەرگـیز بـاوڕ بەو شـتانە نـاکەن. سـەیر لەوەدایە هەنـدێ لە مرۆڤ باوەڕدارەکان لە سەرجەم ئایینەکاندا باوڕیان بە خورافە هەیە، سـەرەڕای ئاینەکەیـان، هەرچەنـدە لە سـەرجەم ئـایینە ئاسمانییەکاندا خورافە ڕەتکراوەتەوە ( هەورامی،٢٠١٠،ل٣٨).

مەبەسـتیش لە پیشـەیی مامۆسـتایی هەر بە تەنیا بـریتی نییە لەوەی کە دەرس بڵێـیتەوە و چەنـد سـەعاتێك دەوام بکات و تەواو، بەڵکوو مەبەسـتە سـەرەکییەکە بریتی یە لە لێپسراوێتی بەرامبەر بە پیشـەکەی خـۆیی و هاوکاتیش بە ڕوح و عەقڵێکی تەندروسـتەوە ڕووبەڕووی ئەو کێشـانە دەبـنەوە (حـیلمی-سالح،٢٠١١،ل٢٢٤).

یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی پەروەردەییەکان دەبێتەوە گـرفتی نەخوێنـدنەوەیە لەلایەن مامۆسـتایانەوە، مامۆسـتا بە بەردەوامی پێویسـتی بە خوێنـدنەوە هەیە، لە چوارچێـوەی ئەم خوێندنەوەیەدا گۆڕانکاری لە فیکری تاکەکاندا دروست دەبێت (ئەمین،٢٠١٣،ل٨٨).

ئاشـکرایە پەروەردەی ئـێمە لەسـەر ئەو خـورافەتە بەنـدە کە قوتابخـــانە دەبێـــت تەواوکەری مـــاڵەوە بێـــت (عەلی،٢٠٠٦،ل٢٠٦).

ئێسـتاشی پێـوە بێـت خـێزانی کـوردی لەو سـەدەفە مـیللی و سـونەتییە نەیتوانیـوە دەربـاز بێـت و، هەوایەکی ئـازادی

هەڵمژێت. ئەویش بە تانووپۆو تارمایی ئەفسوناوی و خورافی گەمارۆ دراوە لە گشت کایە ئەپستمیەکانی کۆمەڵگا.

بەو پێیە خودی ئەکادیمیش مەسلوبە و هەم ئایدێکی فرۆیدیانەی بەهێزی هەیە و هەم منێکی باڵای بەهێز، بەهێزی ئەم دوانە توانای بۆ عەقڵ نەهێشتۆتەوە تاوەکو لە نێوانیاندا هاوسەنگانە خودەکە بەڕێوە ببات و لەو حاڵەتەشدا هەمیشە لە ململانێیەکی بەردەوامدایە و ئەوەش بە ڕەفتاری زۆربەیانەوە دیارە (حوسێن،٢٠١٥،ل١٧٠).

لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بە ئەستەم کەسانێك هەن باوڕیان بە خورافە هەبێت، بەڵام بیر و هزری مرۆڤەکان سەبارەت بە چارەنووس و هەندێ لە خورافیات هەتاوەکو ئێستاش هەر ماوە (هەورامی،٢٠١٠،ل٣٨).

هەندێك لە مامۆستایانی کوردستان، بیرۆکەیان لەسەر پەروەردە لەو تێگەیشتنە باوە تێنەپەڕیوە کە لە خێزانەوە دەیهێنن بۆ قوتابخانە، ئەخلاقیاتی پەروەردە لە ئەخلاقیاتی باوی کۆمەڵگا جیانەبۆتەوە. (عەلی،٢٠٠٦،ل٢٠٦).

لەگەڵ ئەوەشدا نکۆڵی لەوە ناکرێ لە تاکە کەسەوە بگرە تا کار بەدەستانی دەوڵەت، باوەڕیان هەیە بە چارەنووس و ئەستێرە ناسان و فاڵگرەوەکان و کەسانی تایبەت لە بواری یۆگا و هیپنۆتیزم و پاراسایکۆلۆژی و....هتد (هەورامی،٢٠١٠،ل٣٩).

## 3- ڕێکارە مەیدانیەکان:

**٣-١ :میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پشکنینێکی گشتگیری بوارێك لە بوارەکانی کۆمەڵگا، یاخود هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی کۆمەڵگایە بە ئامانجی بەدەستهێنانی جۆرێك زانیاری کە بکرێت لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا سوودی لێوەربگیرێت (الشعبینی، 1974، 43).

لەم توێژینەوەدا میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە کە توێژەر لە ڕێگەی فۆرمی ڕاوەرگری، وەك پێوەرێك بەکار هاتوە بۆ دەرخستن و وەسفکردنی دیاردەکە، بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی ڕوپێوی بە گونجاو زانیوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، لە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانیدا

### ٣-٢ :کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:

**٣-٢-١ :کۆمەڵگای توێژینەوە :**گروپێکە لە کەسان کە خاوەن چەند تایبەتمەندییەکی دیموگرافی یاخود پیشەیی یان کولتوری یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی دیاریکراون، کە دەتوانرێت لێیانەوە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردرێت(الحسن، ١٩٩٩، ٥٤٤).کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەکە بریتیە لە مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی ڕۆژهەڵات لە ناوەندی شاری سلێمانی کە بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە ژمارەی مامۆستایان (٧٤٥٥) مامۆستان کە (٢٢٨٥) نێر و (٥١٧٠) مێ، وەك لە خشتەی (1) دا خراوەتە ڕوو.

| خشتەی (1) کۆمەڵگەی توێژینەوە | | |
|---|---|---|
| نێر | 2285 | 30.65% |
| مێ | 5170 | 69.35% |
| گشتی | 7455 | 100.00% |

### ٣-٢-٢ :نموونەی توێژینەوە

نموونە ئەو کۆمەڵە هەڕەمەکیە یە یاخود ڕێکخراوەیە کە توێژەر لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەیەوە وەری دەگرێت، کەلێیەوە زانیاریەکان وەردەگیرێن و دەرئەنجامەکان دەردەهێنرێت بەزۆری بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە دەگیرێتەبەر(دینکن، ١٩٨٠، ٢٥٧)، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی سادە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە بریتیە لە (250) پەروەردەکار کە دابەشبون بەسەر (50) فێرگەدا لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ.

### 3-3 :ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

بۆکۆکردنەوەی زانیاریەکان لە نمونەی توێژینەوەکە توێژەر فۆرمی پرسیار نامە (ڕاپرسی)، وەك پێوەر بەکارهێنراوە کە توێژەران ئامادەیان کردوە و پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی پسپۆران کە پێوەرەکەیان هەڵسەنگاندوە پرسیارنامەکە دابەشکراوە بەسەر نمونەکەدا، پرسیارنامەکە (٤٦) برگە لەخۆ دەگرێت، پاش ئەوەی فۆرمەکان لە بەرتوێژان ڕگیراوەتەوە، و شیکاریان بۆ کراوە، بۆ هەریەکە لەبڕگە ئەرێنیەکانە هەڵبژاردەکانی (لەگەڵیدام) ژمارە (3) و تارادەیە لەگەڵیدام ژمارە (2) و لەگەڵیدانیم (1) یان وەرگرتوە، و بۆ بڕگە نەرێنیەکان هەڵبژاردەکانی (لەگەڵیدام) ژمارە (1) و تارادەیە لەگەڵیدام ژمارە (2) و لەگەڵیدانیم ژمارە (3) یان وەرگرتوە

### ٣-٤ : ڕاستگۆیی وجێگیری:

#### ٣-٤-١:ڕاستێتی:

بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکان توێژەر هەستاوە بەخستنەرووی پێوەرەکە بۆ ژمارەیەک لەپسپۆڕانی بوارەکانی(کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پەروەردەیی)، توێژەر داوای لێکردوون لەڕێگەی بەکارخستنی پسپۆڕی وتواناکانەوە دڵنیا ببنەوە لەگونجاوی برگەکان، لەڕووی دارشتن و ماناوە، لەگەڵ هەر گۆڕانکاری و زیادکردنێک کە بەپێویستی بزانن، توێژەر ئەو برگانەی لابردووە کە زیاتر لە(٥) پسپۆر یان زیاتر بەباشیان نەزانیبێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژمارەی پسۆرەکان(٩) کەسە لەکۆتایدا پاش چاکردنی گشت برگەکان دەرکەوت ئاستی ڕاستی گشت برگەکانی توێژینەوەکە بریتیە (87.2%) کەئەمە ڕێژەی بەرزی ڕاستی پێوەرەکە

دەسەلمێنێت، لە پاشکۆی (1) دا ئاماژە بە ناوی پسپۆران و رونکردنەوە لەسەر راستی برگەکان دراوە.

### ٣-٤-٢ :جێگیری

دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکان بەسەر نموونەی توێژینەوەکە و داخڵکردنی داتاکان، بەرێگای هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ جێگیری بۆ نموونەکە وەرگیراوە، وەک لە خشتەی (١) خراوەتەروو.

خشتەی (1) جێگیری پێوەرەکە

| ژمارەی برگە | ئەلفا کرۆنباغ |
|---|---|
| ٤٦ | ٠.٨٧ |

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئاستی جێگیری پێوەرەکان دەسەلمێنێت، بەشێوەیەکی ئەرێنی بە رێژەی (٠.٨٧) کە ئەمەش بەهای جێگیری برگەکان پشتراستدەکاتەوە بەپێی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباغ تا لەیەك نزیك ببینەوە رێژەی جێگیری برگەکان زیاترە.

6.2:ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەک

بۆ دەرهێنانی راستی جێگیری برگەکان پشت بە هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباغ بەستراوەو ناوەندی شیاو بەکار هاتوە بۆ زانینی هێزی برگەکانی تەوەرەکانی توێژینەوەکە.

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{د}_1 X_3 + \text{د}_2 X_2 + \text{د}_3 X_1)}{\text{کۆی د}}$$ (صبری، ٢٠٠٦، ١٠٦)

د = دووبارەکان

## 4- ئەنجامەکانی توێژینەوە

### 1-4 ئەنجامە بەدەستهاتووەکان

### 1-1-4 ئەنجامە بە دەستهاتووەکانی توێژینەوەکە

لە خشتەی (2) دا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتە روو بۆ سەرجەم برگەکانی توێژینەوەك

خشتەی (٢) ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

| ناوەندی شیاو | لەگەڵیدانیم ڕێژە | لەگەڵیدانیم دوبارە | تا رادەیەک لە گەڵیدانیم ڕێژە | تا رادەیەک لە گەڵیدانیم دوبارە | لەگەڵیدام ڕێژە | لەگەڵیدام دوبارە | برگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2.44 | 26.00 % | 65 | 4.00% | 10 | 70.00 % | 175 | 1 |
| 1.54 | 72.00 % | 180 | 2.00% | 5 | 26.00 % | 65 | 2 |
| 2.588 | 20.00 % | 50 | 1.20% | 3 | 78.80 % | 197 | 3 |
| 2.224 | 37.60 % | 94 | 2.40% | 6 | 60.00 % | 150 | 4 |
| 2.44 | 18.00 % | 45 | 20.00 % | 50 | 62.00 % | 155 | 5 |
| 1.64 | 66.00 % | 165 | 4.00% | 10 | 30.00 % | 75 | 6 |
| 2.46 | 16.00 % | 40 | 22.00 % | 55 | 62.00 % | 155 | 7 |
| 2.32 | 28.00 % | 70 | 12.00 % | 30 | 60.00 % | 150 | 8 |
| 2.62 | 18.00 % | 45 | 2.00% | 5 | 80.00 % | 200 | 9 |
| 2.08 | 32.00 % | 80 | 28.00 % | 70 | 40.00 % | 100 | 10 |
| 2.06 | 32.00 % | 80 | 30.00 % | 75 | 38.00 % | 95 | 11 |
| 2.62 | 18.00 % | 45 | 2.00% | 5 | 80.00 % | 200 | 12 |
| 2.32 | 28.00 % | 70 | 12.00 % | 30 | 60.00 % | 150 | 13 |
| 2.224 | 32.00 % | 80 | 13.60 % | 34 | 54.40 % | 136 | 14 |
| 2.316 | 31.20 % | 78 | 6.00% | 15 | 62.80 % | 157 | 15 |
| 2.32 | 32.00 % | 80 | 4.00% | 10 | 64.00 % | 160 | 16 |
| 2.32 | 28.00 % | 70 | 12.00 % | 30 | 60.00 % | 150 | 17 |
| 2.42 | 28.00 % | 70 | 2.00% | 5 | 70.00 % | 175 | 18 |
| 2.208 | 38.40 | 96 | 2.40% | 6 | 59.20 | 148 | 19 |
| 2.5 | 16.00 % | 40 | 18.00 % | 45 | 66.00 % | 165 | 20 |
| 1.82 | 58.00 % | 145 | 2.00% | 5 | 40.00 % | 100 | 21 |
| 2.72 | 12.00 % | 30 | 4.00% | 10 | 84.00 % | 210 | 22 |
| 2.3 | 30.00 % | 75 | 10.00 % | 25 | 60.00 % | 150 | 23 |
| 2.312 | 32.00 % | 80 | 4.80% | 12 | 63.20 % | 158 | 24 |
| 2.1 | 40.00 % | 100 | 10.00 % | 25 | 50.00 % | 125 | 25 |
| 2 | 30.00 % | 75 | 40.00 % | 100 | 30.00 % | 75 | 26 |
| 2.376 | 22.40 % | 56 | 17.60 % | 44 | 60.00 % | 150 | 27 |
| 2.72 | 12.00 % | 30 | 4.00% | 10 | 84.00 % | 210 | 28 |
| 2.64 | 16.00 % | 40 | 4.00% | 10 | 80.00 % | 200 | 29 |
| 2.72 | 12.00 % | 30 | 4.00% | 10 | 84.00 % | 210 | 30 |
| 2.3 | 30.00 % | 75 | 10.00 % | 25 | 60.00 % | 150 | 31 |
| 2.344 | 28.00 % | 70 | 9.60% | 24 | 62.40 % | 156 | 32 |
| 2.64 | 16.00 % | 40 | 4.00% | 10 | 80.00 % | 200 | 33 |
| 2.28 | 30.00 % | 75 | 12.00 % | 30 | 58.00 % | 145 | 34 |
| 2.72 | 12.00 % | 30 | 4.00% | 10 | 84.00 % | 210 | 35 |
| 2.78 | 10.00 % | 25 | 2.00% | 5 | 88.00 % | 220 | 36 |
| 2.62 | 18.00 % | 45 | 2.00% | 5 | 80.00 % | 200 | 37 |
| 2.308 | 32.00 % | 80 | 5.20% | 13 | 62.80 % | 157 | 38 |
| 1.9 | 50.00 % | 125 | 10.00 % | 25 | 40.00 % | 100 | 39 |
| 2.6 | 16.00 % | 40 | 8.00% | 20 | 76.00 % | 190 | 40 |
| 2.64 | 16.00 | 40 | 4.00% | 10 | 80.00 | 200 | 41 |
| 2.24 | 36.00 % | 90 | 4.00% | 10 | 60.00 % | 150 | 42 |
| 2.64 | 16.00 % | 40 | 4.00% | 10 | 80.00 % | 200 | 43 |
| 2.28 | 32.00 % | 80 | 8.00% | 20 | 60.00 % | 150 | 44 |
| 2.04 | 44.00 % | 110 | 8.00% | 20 | 48.00 % | 120 | 45 |
| 2.1 | 40.00 % | 100 | 10.00 % | 25 | 50.00 % | 125 | 46 |

## 2-1-4 ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی هێزی برگەکانی توێژینەوەکە

بەپێی ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە دەست کەتوون لە خشتە (3) خراوەتە روو دەردەکەویت کە برگەی (36) لەبەرکردنی رەنگێکی تایبەت لای یاریزانەکان،یارییەکە دەبەنەوە. بە ناوەندی شیاوی 2.78 پلەی یەکەمی وەرگرتوە لەکۆی برگەکانی توێژینەوەکە، ئەمە دەریدەخات کە بە رای زیاتر 88% ی نمونەکە پەیوەستی هەیە لە نێوان رەنگ و سەرکەوتن، برگەی لەبەرکردنی رەنگێکی تایبەت لای یاریزانەکان،یارییەکە دەبەنەوە. برگەی 22 بڕوات بەدەست گرتنەوە یان فاڵ هەیە، برگەی (28) لێدان لە تەختەو دار دورت دەخاتەوە لە چاوپیسی، برگەی (30) هەڵواسینی پێڵاوی منداڵان لە ناو ئۆتۆمبێلدا بە ختی باش دێتێ. و برگەی (35) کردنەوەی قفڵێکی داخراو لەسەر مەزاری پیاو چاکێک، ئەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاواتەکان. بە ناوەندی شیاوی 2.72 پلەی دوەمیان گرتوە

برگەکانی (29) منداڵێ تازەلەدایک بوو (شەوە)دەیباتەوە و برگەی (33) کەسی تووش بوو بە زەردوویی، بەبینینی ماسی لە حەوزدا چاک دەبێتەوە و برگەی (41) یەکێک بە ژێر پەیژەیەکدا بڕوات توشی نەهامەتی دەبێت و برگەی (43) تاوانبار ئەگەر دەسەڵات نەیتوانی سزای بدات، سروشت تۆڵەی لێ دەسێنێت. بە ناوەندی شیاوی (2.64) پلەی سێهەمی گرتوە لە هێزی برگەکانی توێژینەوەکە، هەروەها برگەکانی (9) مرۆڤ خاوەنی خەمێکی ئەبەدییە،ئەویش ترسە لە مردن و برگەی (12) پێت وایە لەگەڵ هەموو دڵۆپە بارانێکدا فریشتەیەک هەیەو برگەی (37) خوێندنی کەڵەشێر لە شەودا،ئەبێت کەڵەشێرەکە سەر ببڕیت پلەی چوارەمیان گرتوە بە ناوەندی شیاوی (2.62) کە ئەمە دەریدەخات هێزی خورافی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی نمونەی توێژینەوەکە، برگەی (40) بینینی کەروێشک لە ڕێگادا بەڵای بەدواوەیە هێزی پێنجەمی گرتوە لە کۆی برگەکانی توێژینەوەکە بە ناوەندی شیاوی (2.6)، هەروەها برگەی (3) زۆر پێکەنینی مرۆڤ دڵ دەمرێنێت پلەی شەشەمی وەرگرتوە لە کۆی برگەکانی توێژینەوەکە بە ناوەندی شیاوی (2.588)و برگەی (20) قورقوشم توانەوە بەسەر کەسی ترساودا ئەبێتە هۆی چاکبونەوەی پلەی حەوتی وەرگرتوە لە هێزی برگەکانی توێژینەوەکە بە ناوەندی شیاوی (2.5)، برگەی (7) مێژووی لە دایک بوون،کاریگەری هەیە لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ پلەی هەشتەمی وەرگرتوە بە ناوەندی شیاوی (2.46)، بەڵام برگەکانی (1) ژمارەیەکی دیاریکراو پیرۆزی خۆی هەیە (5) توندوتیژی سەرچاوەکەی لە ئەفسانەدایە بە ناوندی شیاوی (2.44) پلەی نۆهەمیان وەرگرتوە، برگەی (18) بڕوات بە رۆڵی شانس هەیە لە یانسیب دا پلەی دەیەمی گرتوە بە ناوەندە شیاوی (2.42)   لە خشتەی (3) دا هێزی سەرجەم برگەکانی توێژینەوەکە خراوەتە روو.

خشتەی (٣) هێزی برگەکانی توێژینەوەکە

| هێزی برگە | برگەکان | لەگەڵیدام | | تا ڕادەیەک لە گەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی شیاو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | دوبارە | ڕێژە | |
| 1 | 36 | 220 | 88.00 % | 5 | 2.00% | 25 | 10.00 % | 2.78 |
| 2 | 22 | 210 | 84.00 % | 10 | 4.00% | 30 | 12.00 % | 2.72 |
| | 28 | 210 | 84.00 % | 10 | 4.00% | 30 | 12.00 % | 2.72 |
| | 30 | 210 | 84.00 % | 10 | 4.00% | 30 | 12.00 % | 2.72 |
| | 35 | 210 | 84.00 % | 10 | 4.00% | 30 | 12.00 % | 2.72 |
| 3 | 29 | 200 | 80.00 % | 10 | 4.00% | 40 | 16.00 % | 2.64 |
| | 33 | 200 | 80.00 % | 10 | 4.00% | 40 | 16.00 % | 2.64 |
| | 41 | 200 | 80.00 % | 10 | 4.00% | 40 | 16.00 % | 2.64 |
| | 43 | 200 | 80.00 % | 10 | 4.00% | 40 | 16.00 % | 2.64 |
| 4 | 9 | 200 | 80.00 % | 5 | 2.00% | 45 | 18.00 % | 2.62 |
| | 12 | 200 | 80.00 % | 5 | 2.00% | 45 | 18.00 % | 2.62 |
| | 37 | 200 | 80.00 % | 5 | 2.00% | 45 | 18.00 % | 2.62 |
| 5 | 40 | 190 | 76.00 % | 20 | 8.00% | 40 | 16.00 % | 2.6 |
| 6 | 3 | 197 | 78.80 % | 3 | 1.20% | 50 | 20.00 % | 2.588 |
| 7 | 20 | 165 | 66.00 % | 45 | 18.00 % | 40 | 16.00 % | 2.5 |
| 8 | 7 | 155 | 62.00 % | 55 | 22.00 % | 40 | 16.00 % | 2.46 |
| 9 | 1 | 175 | 70.00 % | 10 | 4.00% | 65 | 26.00 % | 2.44 |
| | 5 | 155 | 62.00 % | 50 | 20.00 % | 45 | 18.00 % | 2.44 |
| 10 | 18 | 175 | 70.00 % | 5 | 2.00% | 70 | 28.00 % | 2.42 |
| 11 | 27 | 150 | 60.00 | 44 | 17.60 | 56 | 22.40 | 2.376 |
| 12 | 32 | 156 | 62.40 % | 24 | 9.60% | 70 | 28.00 % | 2.344 |
| 13 | 8 | 150 | 60.00 % | 30 | 12.00 % | 70 | 28.00 % | 2.32 |
| | 13 | 150 | 60.00 % | 30 | 12.00 % | 70 | 28.00 % | 2.32 |
| | 16 | 160 | 64.00 % | 10 | 4.00% | 80 | 32.00 % | 2.32 |
| | 17 | 150 | 60.00 % | 30 | 12.00 % | 70 | 28.00 % | 2.32 |
| 14 | 15 | 157 | 62.80 % | 15 | 6.00% | 78 | 31.20 % | 2.316 |
| 15 | 24 | 158 | 63.20 % | 12 | 4.80% | 80 | 32.00 % | 2.312 |
| 16 | 38 | 157 | 62.80 % | 13 | 5.20% | 80 | 32.00 % | 2.308 |
| 17 | 23 | 150 | 60.00 % | 25 | 10.00 % | 75 | 30.00 % | 2.3 |
| | 31 | 150 | 60.00 % | 25 | 10.00 % | 75 | 30.00 % | 2.3 |
| 18 | 34 | 145 | 58.00 % | 30 | 12.00 % | 75 | 30.00 % | 2.28 |
| | 44 | 150 | 60.00 % | 20 | 8.00% | 80 | 32.00 % | 2.28 |
| 19 | 42 | 150 | 60.00 % | 10 | 4.00% | 90 | 36.00 % | 2.24 |
| 20 | 4 | 150 | 60.00 % | 6 | 2.40% | 94 | 37.60 % | 2.224 |
| | 14 | 136 | 54.40 % | 34 | 13.60 % | 80 | 32.00 % | 2.224 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 21 | 19 | 148 | 59.20 % | 6 | 2.40% | 96 | 38.40 % | 2.208 |
| 22 | 25 | 125 | 50.00 % | 25 | 10.00 % | 100 | 40.00 % | 2.1 |
| | 46 | 125 | 50.00 % | 25 | 10.00 % | 100 | 40.00 % | 2.1 |
| 23 | 10 | 100 | 40.00 % | 70 | 28.00 % | 80 | 32.00 % | 2.08 |
| 24 | 11 | 95 | 38.00 % | 75 | 30.00 % | 80 | 32.00 % | 2.06 |
| 25 | 45 | 120 | 48.00 % | 20 | 8.00% | 110 | 44.00 % | 2.04 |
| 26 | 26 | 75 | 30.00 | 100 | 40.00 | 75 | 30.00 | 2 |
| 27 | 39 | 100 | 40.00 % | 25 | 10.00 % | 125 | 50.00 % | 1.9 |
| 28 | 21 | 100 | 40.00 % | 5 | 2.00% | 145 | 58.00 % | 1.82 |
| 29 | 6 | 75 | 30.00 % | 10 | 4.00% | 165 | 66.00 % | 1.64 |
| 30 | 2 | 65 | 26.00 % | 5 | 2.00% | 180 | 72.00 % | 1.54 |

## 2-4 ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1- هێزی خورافە زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتیدا.

2- ئەو بیرۆکانەی کە، وەك هزرێکی خورافی بۆ تاکەکان ماونەتەوە بونەتە رواسب (نیشتوو) لە هزری تاکەکان دا.

3- تاکەکان ئەو هزرانەی دەماو دەم بۆیان گێراونەتە بونەتە هزرێکی چەقبەست و لە بیرکردنەوەکانیان دا

4- کلتوری زارەکی و هزری زارەکی زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان دا.

5- پەروەردەو فێرکردن نەیتوانیوە هزری خورافی لە ناو کایەی پەروەردەو فێرکردن دا بگۆڕێت.

6- پەروەردە و پەروەردەکاران دەبنە کەناڵێك بۆ گواستنەوەی هزری خورافی بۆ نەوەکانی ئاینده

3-4 ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

١- ئەو پێشکەوتنە زانستیەی کە لە جیهاندا ڕوودەدات، وا لە ڕابەرانی پەروەردە وکۆمەڵگا و دەسگاکانی ڕاگەیاندن بکات بۆ نەشوونەما کردنی بیری هزری زانستی و چەسپاندنی ڕێرەوی ڕۆشنبیری بابەتی، وە چاو خشانەوە بە هزری خورافی نیشتوو کەڵەکە بوو لە مێنتەلێتی تاکەکانی کۆمەڵگا.

٢- گۆڕینی کەلتوری ڕۆشنبیری باو وە ڕاستکردنەوە و گونجاندنی پێکهاتەکانی و لابردنی هزرە ستۆکەکان بە بابەتی سەردەمیانە کە بگونجێت لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی گەلاندا.

٣- ڕوحی پەروەردەیی مۆدێرنە، و پاك کردنەوەی سیستمی پەروەردە لە عەقڵە داخراو کۆنە پارێزەکان.

٤- پەروەردە و فێرکردن بەرپرسیاری یەکەمن لە پەرەپێدانی هزری زانستی بابەتی و ئەزموونی و پراکتیکی فێرخوازان تا دووربکەونەوە لە هەموو بیروباوڕێکی خورافی و دوگما بوون.

4-4 پێشنیارەکانی توێژینەوە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تێروتەسەل لە گشت کایە ماریفییەکانی پەروەردە و فێرکردن لەلایەن ناوەندە زانستیەکان، وەك زانکۆو ڕێکخراوەکان.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر بابەتی میسۆدولۆژیا و خورافە لەلایەن توێژەرانەوە، بە تایبەتی لە بارەی پەیوەندی و کاریگەری گۆڕاوەکان. بۆ بە ئاگابونەوەی پەروەردەکاران لە ئەنجامە نەرێکانی خورافە.

٣- بەستنی کۆنگرە و ۆرك شۆپ لەلایەن دەسگا پەیوەندارەکان بە تایبەتی زانکۆکان بۆ تاوتوێ کردنی پرس و کێشە و لێکەوتەکانی خورافە لەسەر داهاتووی پەروەردەکاران و فێرخوازان، ئەمەش نەوەی نوێ دێنێتە کایەوە.

پاشکۆی (1) ناو پلەی زانستی و پسپۆڕی و شوێنی لیژنەی پسپۆڕان

| ژ | ناوی پسپۆر | شوێنی کار | گونجاو | نەگونجاو | گۆڕانکاری | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د سابیر بەکر مستەفا | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 40 | 5 | 1 | 46 | 86.96% |
| 2 | پ.د سۆلاف فایەق محەمەد | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 41 | 3 | 2 | 46 | 89.13% |
| 3 | پ.د هۆشەنگ فاروق جواد | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 39 | 4 | 3 | 46 | 84.78% |
| 4 | پ.ی بەرهەم ستار عەبدولرەحمان | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 41 | 4 | 1 | 46 | 89.13% |
| 5 | پ.ی.د حەسەن فەخرەدین خالد | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 41 | 2 | 3 | 46 | 89.13% |
| 6 | پ.ی.د عادل ڕەشید قادر | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 40 | 1 | 5 | 46 | 86.96% |
| 7 | پ.ی نازەنین عوسمان | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 42 | 3 | 1 | 46 | 91.30% |
| 8 | م.ی سۆران حمە ئەمین ئەحمەد | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 38 | 6 | 2 | 46 | 82.61% |
| 9 | م.ی کانی سالار عوسمان | پەروەردەی بنەڕەت- سلیمانی | 39 | 5 | 2 | 46 | 84.78% |
| | | | 361 | 33 | 20 | 414 | 784.78 |

100 * ڕاستی ڕواڵەت= کۆی ڕاستی / ژمارەی پسپۆر

= 784.78/9*100

= 87.2%

## سەرچاوەکان:


1. الحسن، احسان محمد (1999)،موسوعه علم ألاجتماع، دار العربيه للموسوعات،ط1، بيروت.
2. سلمان عبد علي، ١٩٨٥،الانثروبولوجيا الأجتماعية،جامعة صلاح الدين، مطبعة الموصل.
3. الشعبيني، محمد مصطفى(1974)، علم الاجتماع، دار النهظة العربية، القاهرة.
4. صبرى، عزام عبدالرحمن (2006)، الاحصاء وصفي و نظام SPSS، دار الكتب العالمي، الاردن، عمان..
5. العمر معن خليل،٢٠٠١،ثنائيات علم الأجتماع،ط١،دارالشروق للنشر والتوزيع.
6. عيسوى عبدالرحمن،١٩٨٣،سيكولوجية الخرافة، مطبعة أطلس،منشأة المعارف بالأسكندرية.
7. فروم أريك،١٩٩٢،اللغة المنسية،ت:حسن قبيسي، المركز الثقافي العربي،بيروت.
8. مصطفى عادل،٢٠١٧،الحنين الى الخرافة،الناشر مؤسسة هنداوى،بلا مكان الطبع.

9. میر لوسي،١٩٨٣،مقدمة في الانثروبولوجيا الأجتماعية،ت: شاكر مصطفى سليم، وزارة الثقافة و الاعلام،بغداد.
10. ميشيل، البروفيسور ديكن (1980)، معجم علم الاجتماع، ت: الدكتور احسان محمد الحسن، مطبعة دار الحريه، بغداد.
11. ئارام حاجی،هاوژینی مەلا ئەمین، هۆشمەن جەلال،٢٠١٥،ئەفسانەو ئایین و زانست،چ١،چاپخانەی تاران،سلێمانی.
12. ئەسوەد نەوزاد ئەحمەد،٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان،چ١،چاپخانەی تاران.
13. ئەلحەسەن ئیحسان محەمەد،٢٠١٢،ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی،و:دانا مەلا حەسەن،چ١،چاپخانەی پەخشی سەردەم،سلێمانی.
14. ئەلحەسەن ئیحسان محەمەد،٢٠١٨،ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی،و: دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی ئەندێشە.
15. ئەلفەوال سەلاح مستەفا،٢٠١٧،سیمبولەکانی هزری کۆمەڵناسی، و:توانا فەرەیدون حسین،چ١، چاپخانەی هێڤی،هەولێر.
16. ئەمین عومەر محەمەد،٢٠١٣،پەروەردە و گرفتەکانی،چ١،سلێمانی.
17. بازگر ئەنوەر حسین،٢٠١٢،کاتی دواین قسەیە،چ٢،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی.
18. پاڵس دانیال.ل،٢٠٠١،ئایین و کەسایەتی،و:ئاوات ئەحمەد،چ١،دەزگای سەردەم،سلێمانی.
19. جورج زعرور،١٩٧٢،دراسة حقلية على طلاب المدارس الثانوية و الجامعية في لبنان للمعرفة مدى أنتشار المعتقدات الخرافية بينهم و أثرها في سلوكهم،بيروت،لبنان.
20. حمە علی هیوا محەمەد- ئەحمەد بەختیار حسین،٢٠١٨،دیدیکی تر بۆ قورئان،چ١،بێ شوێنی چاپ.
21. حوسێن محەمەد تەها،٢٠١٥،دیاردە گەرایی خود،چ١،بێ شوێنی چاپ.
22. حیجازی موستەفا،٢٠١٦، دەروازەیەك بۆ سایكۆلۆژیای مرۆڤی تێكشكاو، و:سەلاح سەعدی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
23. حیلمی مەریوان سەلاح، ساڵح کەمال مەحمود،٢٠١١،وتارە پەروەردەییەکان،چ١،سلێمانی.
24. السواح فراس،٢٠٢١،سەرکێشی یەکەمی عەقڵ،و: نەوازاد ئەحمەد ئەسوەد،چ١،چاپخانەی تاران.
25. قانیع مەریوان،٢٠١٣،فیکر و دونیا،بەرگی یەکەم،چ١،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی.
26. قەزاز ئازاد،٢٠١٠،سەرەتایەك بۆ فەلسەفە، چ١،چاپخانەی موکریانی،هەولێر.
27. کەمانگەر گوڵاڵە،٢٧١٢،قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا،بێ چاپ،بێ شوێنی چاپ.

ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا :

28. میراودەلی خەسرەو،٢٠١٦،ئەفسانە و مەعریفە،چ١،چاپخانەی پەنجەرە،سلیمانی.
29. نجیب اسكندر- روشدی فام منصور،١٩٦٢،التفكير الخرافي،مصر،القاهرة.
30. هەورامی صەبوور حەمە شەریف،٢٠١٠،چەردەیەك مێژووی فەلسەفە، چاپخانەی کوردونیا،سلێمانی.
31. www.etymonline.com
32. www.dictionary.cambridge.org
33. حەسەن محەمەد فەریق،١٩٧٧،ئەفسانەی ژمارە سێ،گۆڤاری ڕامان،ژمارە (١٦).
34. عەلی بەختیار،٢٠٠٦،هەندێك سەرنج دەربارەی سیستمی پەروەردە و ستراتیژی گۆڕانکاری لەم سیستەمەدا،گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە،ژمارە٥.
35. گەرمیانی عادل،٢٠٠١،شێوازی ئەفسانەیی لە بونیادی وێنە بابەتی هۆنراوەکانی گۆران و سەیابدا، گۆڤاری کاروان،ژمارە (١٥٩).